

# پێ قوڕینەکان

نیلوفەر نیاورانی
له فارسییەوە: شنە

هانکەهانکی بوو، خۆی لکاندبوو بە دیوارەکەوە. پێقوڕینەکانی لە نێوان خەڵکەکەدا بینی. دەستی خستە سەر سکی. جلەکانی نووسابوون بە جەستەیەوە. ئۆتۆمبێلەکان لەسەریەك هۆڕنیان لێدەدا. کۆکەیەکی کرد. هەورەڕەشەکان شاریان تاریککردبوو. لە پشتیەوە پێقوڕینەکان دەهاتن. نووسا بە دیوارەکەوە. کەسێك هاواریکرد. چاوی زەق بوو. پێستی دەوری چاوی داخرابوو و زامێکی ڕەشیش دەوری لێوی گرتبوو. جلەکەی ڕاکێشا:

"خۆتی، ئەوە تۆی؟"

جلەکەی لە دەستی دەرهێنا. جەستەی تەڕبوو. سکی بە دەست گرت و چاوەکانی لێکنا. شەقامەکە سیخناخ بوو لەدووکەڵ. ئۆتۆمبێلەکان هۆڕنیان لێدەدا. خەڵکەکە ڕێگەیان بۆ دەکردنەوە. پێقوڕینەکان دەردەکەوتن. دەنگی تەقینەوە بەرزبوویەوە. ژنەکان قیژاندیان. مناڵەکانیان لە باوەش گرت و لە ترسی ئەوان ڕایاندەکرد. گریانی منداڵەکان بەرزبوون. خەڵکی ڕایاندەکرد،

"پێقوڕینەکان."

دەنگەکان بەرزبوونەوە،

"ڕێگا بکەنەوە."

جۆگەلەی خوێن لە کەناری شەقامەکەوە ڕێی دەکرد.

پێقوڕینەکان لە نێو خەڵکەکەدا دەگەڕان. ڕێگای لێگرت و زامە ڕەشەکانی لە ڕوومەتی ئەو نزیك کردەوە.

"ئەوە خۆتی؟"

لە سووچی دیوارەکەدا گرمۆڵە بوو. هەورەڕەشەکان لە زەوی نزیك دەبوونەوە. جلەکانی لە دەست دەرهێنا و ڕایکرد. لە هەورازەکەوە بەخێرایی ڕۆیشتە سەرەوە، هانکەهانکی بوو. خوێن لە کەناری شەقامەکەدا ڕێی گرتبوو. پاڵی بە دیوارەکەوە نا. فشاری خستبووە سەر سکی. چاوی کەوتە خانووەکان، پێیەکانی لەسەر خاکەنەرمەکە دانا. خۆی بەرەو لای خانووە کۆنەکان جوڵاند. دەرگا دارینەکەی کوتا. دەرگاکە بە جیرەجیر کرایەوە. پیرەمێردێك بە ڕیشی سپیی و



قژی درێژەوە لە بەرانبەریدا وەستا. سەری بەرزکردەوە و دەرگاکەی لەسەری داخست. دیسان دەرگاکەی کوتا، پیرەمێرد دەستی دەرهێنا و بەرەو لایەك ئاماژەی کرد. دەنگی گوڕڕەی دەریای بیست، گەڕایەوە و نواڕی. منالەکان لە نێو خۆڵەکەدا ڕایاندەکرد، پێقووڕینەکان بەدوایاندا دەهاتن، ژنەکان سەبەتەکانیان توڕدەدا و بەرەو ماڵ ڕایاندەکرد. پێقوڕینەکان دەهاتنە پێشەوە. دەستڕێژی شەستیر هەڵسابوو. منداڵەکان لەنێو خۆڵەسوورەکەدا دەخزان. پێقوڕینەکان دەرگاکانیان دەشکاند و منداڵەکانیان بەر نێزە دەدا. ژنەکان لە نێو خۆڵەکەدا بە گاوڵکێ دەڕۆیشتن. هەورە ڕەشەکان شاریان تاریکتر کرد.

نێو سکی جوڵایەوە. تووشی هەناسەبڕکێ هات. لمەنەرمەکان لەژێر پێیەکانیدا خزان. بنجی دڕکەکان بە پێیدا چەقین. دانیشت. پاڵی بە دارخورماکەوە دا.  گەڵا وشکەکان لە دەوروبەری خشەخشیان بوو. لەنێو گەڵا وشکەکاندا، چنگی لە زەوییەکە گیردەکرد. پشتی بە توونده لکاند بە دارەکەوە. دەنگی گوڕڕەی ئاوی گوێ لێ بوو. پێقوڕینێکی لە دوورەوە بینی. لە جێگەکەی هەستا و ڕایکرد. پێیەکانی ڕۆچوون بەناو لمەکەدا. لمە تەڕەکە پێیەکانی ساردکردەوە، کەوت بەسەر لمەکەدا. ڕوومەتی کەوتە سەر لمەکە و بە خۆیەوە نووساندی. بوونەوەرە لینجەکەی لە نێوان لاقەکانی خۆی دەرهێنا. پێقوڕینەکە نزیکی بوویەوە. خۆی لەسەر لمە تەڕەکە ڕاکێشا، ئاوی گەرم دەوراندەوریدا. چووە پێشترەوە. پێقوڕینەکە بەدوایدا هات و ئاوەکە خستییە لەرزین. پێیەکانی هێزی لێ بڕا و بەسەردا کەوتە ناو ئاوەکەوەکەوە. ئەندامەکانی لەشی پێقوڕینەکە لە یەك هەڵوەشان و پارچەکانی لەشی ئاوەکەی لیخن کرد، شەپۆلی ئاوەکە ئەندامەکانی لەگەڵ خۆیدا برد.

منداڵەکەی توند بەسینگییەوە گرت. لەژێر خۆرەکەدا، لە ئاوەکەدا شۆردی. شەپۆلەکان بەدەوریدا دەسووڕانەوە و دەیانهۆڕاند.



# دیدار







سیامەند شاسواری

کەریم پەڕەنگ

ئەمین کەردیگلانی

محەممەد ماغوت

یۆستاین گاردەر